**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٦٤٩٢ لە ٢٠٢٥/٢/٢٣**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٥**
**فراوانکردنی گوندی (گردجان)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنماییمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین ژمارە (٢٤٩ لە ٢٠٢٥/٢/٢) و لەبەر بەرژەوندی گشتی، بڕیارماندابە:

**یەکەم:** فراوانکردنی گوندی (**گردجان**) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی (یەکەم/٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنووری ناحیەی چوارقوڕنە/ قەزای ڕانیە لە ئیدارەی ڕاپەڕین کە کۆی گشتی ڕووبەرەکەی بە فراوانکردنەوە دەبێتە (١٠,٢٢,٧٥ دۆنم) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٢) لە کەرتی (٢٤/گردجان) وەك لە نەخشەی هاوپێچی نوسراوی ئیدارەی ڕاپەڕین لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**